# ئایین و تینویێتی ئەنتۆلۆجی

د.عەبدولجەبار ئەلڕیفاعی
لە عەرەبییەوە: د. عوسمان یاسین

ئەم وەرگێڕانە پێشەکی و بەشی یەکەمی کتێبی (الدین و الظمأ الانطولوجي) (د. عەبدولجەبار ئەلڕفاعی)یە، کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠١٦ لە لایەن (مرکز دراسات فلسفة الدین-بغداد و دار التنویر للطباعة و النشر -بیروت) بڵاوکراوەتەوە، دوا چاپی لە ساڵی ٢٠١٨ بە لێ زیادکردن و دەستکارییەوە بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوەی چاپی یەکەمی ئەو کتێبەم خوێندەوە و بڕیاری وەرگێڕانی بەشی یەکەمی کتێبەکەمدا، پێوەندیم بە نووسەرەکەی کرد، ئەویش خۆشحاڵی خۆی بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی دەربڕی، چاپی سێیەمی کتێبەکەی بە پی دی ئێف بۆ ناردم، لە کاتی وەرگێڕانیشدا زۆر جار پێوەندیم پێوە کردووە و لە هەندێ بڕگە و دەستەواژە پرسیارم لێ کردووە و زۆر بە دڵفراوانییەوە ڕوونکردنەوەی زیاتری پێ داوم، بەو هیوایەی لە دەرفەتێکدا تەوای کتێبەکە وەربگێڕم.

جێگای ئاماژە پێکردنە پێشتر دەقی دوا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی (د. عەبدولجەبار ئەلڕفاعی)م بە ئاگاداری خۆی وەرگێڕاوە و لە ڕۆژنامەی هەولێر، ژمار ٣٠٢٥ ڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٢ لە لاپەڕەکانی ١٦ و١٧ بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا ئەم هزرمەندە زۆر بە پوختی باس لە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەکات، پێم وایە ئەو بۆچوونانەی شایەنی ئەوەن لەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بخوێنرێنەوە، لە پێناوی کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوان لە بیرکردنەوە و ئاگاداربوون لەو جۆرە فەلسەفانەی ئایین.

**«وەرگێڕ»**

**ئایین و تینویێتی ئەنتۆلۆجی بۆ پیرۆزی**

تینوێتی ئەنتۆلۆجی(١) بۆ پیرۆزی خولیایەکی

مرۆڤایەتی سەر ڕووی ئەم زەمینەیە و لێی جیانابێتەوە، ئەم جۆرە تینوێتییەش خۆی لەگەڵ باسکردن و ئامادەبوونی پیرۆزیی ئایین دەنوێنێت. ئەگەر زمانی حەکیم و سۆفی و عارفان بە کاربهێنین، ئەوە دەڵێین کە مرۆڤ هەمیشە کەموکووڕی لە بوونیدا هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە لە خولیای بەردەوامدایە کە ئەم کەموکووڕی و کەلێنانە پڕبکاتەوە. ئەوە هەر مرۆڤ نییە کە لە دنیای ئیمکاندا کەموکوڕی هەیە، بەڵکو کەموکوڕی حەقیقەتی ئەم جیهانەی بوونییە (العالم الوجودية)، چونکە کامڵبوون تەنیا لە واجبدایە، هەر بوونێک جۆرێک کامڵبوون لە ڕەگەزی کەینونەی خۆیدا هەیە، کە لەگەڵیدا دەگونجێت. تینوێتی ئەنتۆلۆجیش هەژاری بوونە (الفقر الوجودي)، چونکە بوون کامڵ نییە و هەژارە، تینوێتی شکاندن دەوڵەمەندی بوونە(الغنى الوجودي)، واتە ئەو کەموکوڕییە کامڵ نابێت تەنیا لەو بارەدا نەبێت کە بوونی مرۆڤ بە قۆناغێکی نوێی بووندا بگات، تا وەک لە پلەیەکی بەرزتری پەیژەی کامڵبوونی بووندا بێت (سلم التكامل الوجودي)، ئایین ئەو پەیژەیەیە کە مرۆڤ بە هۆیەوە بەرەو کامڵبوون بەرزدەبێتەوە. لە میانەی ئاییینەوە تینوێتی بوونی دەشکێت و بوون تێردەبێت.

ڕاستییەکەی زۆربەی فەیلەسووف و سۆفییەکان وعارفەکان نکوڵی لە هەژاری بوون ناکەن و لە سەری هاوڕا و تەبان، بەڵام لەوانەیە پرسیار بکرێت بۆچی ئایین پەیژەی کامڵبوونە و شتی تر نییە؟ بۆچی بوون بە ئایین تینوێتی دەشکێت؟ بۆچی هونەرەکان و ئەدەب و مەعاریفەکان و جۆرە داهێنانەکانی دیکەی مرۆڤ ئەم ڕۆڵەیان نابێت؟!

هەروەک چۆن مرۆڤ بە ئایین ئۆقرە دەیگرێ، دەشکرێت ئەو ئۆقرەییە لە ڕوحی هونەرەکاندا بەدی بهێنرێت، لەو کاتەی کە مرۆڤ سەیری داهێنانێکی هونەریی مەزن دەکات، وەک تابلۆیەک، یان خوێندنەوەی شیعرێک.

گومان لەوەدا نییە کە هونەرەکان و ئەدەب هەموویان پێداگیری لە سەر بوونی مرۆڤ دەکەن و دەوڵەمەندی دەکەن و سەقامگیری و بەختەوەری پێ دەبەخشن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا مرۆڤ هەر پێویستی بە ئایین دەمێنێتەوە، چونکە ئەمانە جێگرەوەی ئایین نین، هەرچەندە تەلیسمێک لەوەی ئاییینی هەیەتی بە مرۆڤ دەبەخشن.

تا مرۆڤ هەبێت، مردنیش هەیە، مردن ڕاستییەکی قووڵ و ڕاستگۆیانەی بوونە کە تێیدا ئیتر مرۆڤ واز لە درۆکردن دەهێنێت. تا مردن هەبێت، ئایینیش هەیە، ئایین تاکە وەڵامە بۆ مەیدانخوازیکردن لەگەڵ مردن، مردن کۆتاییهاتنی ژیانی دنیایە، تواندنەوەی بوونی مرۆڤە، ئەو مرۆڤەی کە بوونێکی دەوڵەمەندتری هەیە، ئەگەر لەگەڵ شتەکانی دیکەی مەوجووداتە مومکینەکان بەراورد بکرێت، چونکە بوونی مرۆڤ ناچێتە ژێر ڕکێفی ئەوەی کۆتایی پێ دێت و نامێنێت، چونکە ئەم جۆرە بوونە هیچ شتێک داوا ناکات و بەدوای هیچ شتێکدا نییە، جگە لە ئەبەدییەت. ئایین ڕاڤە و ئەرگۆمێنتێک بۆ هەمیشەیی ژیان، هەروەها بەردەوامبوونی بوونەوەری بەشەری بۆ هەمیشەیی پێشکەش دەکات.

ئەوەی کە ئەمڕۆکە ئاییینی خستە ناو گرفتێکی مێژووییەوە، وازهێنان لە ئایینە لە بواری ئەنتۆلۆجییەوە و کۆچکردنییەتی بەرەو ئایدیۆلۆجیا کە ئەمەش وای کردووە کەسانێک ساویلکانە سەیری ئایین بکەن و ڕەخنەی لێ بگرن.

لەمیانەی سەیرکردنی ئایین لە بواری ئەنتۆلۆجییەوە دەتوانین بە جەوهەری ئایین بگەین کە بەهۆیەوە دەتوانین تینوێتیمان بۆ پیرۆزی (موقەدەس) بشکێنین، هەر لە



میانەی سەیرکردنی ئەنتۆلۆجیاوە بۆ ئایین، دەشێت درک بەوە بکەین کە چۆن بە گوڵێک بەهار نایەت و نوێژکردنیش بە یەک کڕنۆش بردن نابێت، بەهەمان شێوە ئاییپەروەری لە ژیانی ڕوحیماندا بە نوێژێک نایەتە دی، مەگەر ژیانمان هەمووی بکەینە یەک نوێژ کە بەرەو یەک ئامانجی ڕوحی و ئەخلاقی هەنگاو بنێین.

## فەرامۆشکردنی خود/ منی تایبەتی (نسیان الذات/ الانا الخاصة)

مەبەست لە منی تایبەتی، خودی هاوبەش نییە، وەک خودی نەتەوەیی، یان خودی شارستانی، یان خودی کۆمەڵگە، بەڵکو مەبەست لێی خودی تاکەکەسە، ناسنامەی کەسییە کە بنچینەی ژیانی ناوەوەی ئادەمیزادە. بە بێ ئەو منە، مرۆڤ خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە کۆپییەکی دیکەی منەکانی دیکە.

خودی مرۆڤ سروشتێکی ناوەکی قووڵی هەیە و پڕیەتی لە نهێنی کە بەسەرچاوەی جۆراو جۆر دەوڵەمەند دەبێت، بەردەوامی ئەو خودە خۆی دەهێنێتە دی، کاتێک هەست بە بوونی خۆی و ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی دەکات، ناکرێت لە ژیان بگەین و کونوکەلەبەرەکانی بدۆزینەوە لە میانەی ئەو دەرخستنانەوە نەبێت کە ئەو خودە دەیانخاتە ڕوو.

مرۆڤ بە تەنیا لەدایک دەبێت و بەتەنیا دەژیت و بە تەنیا دەمرێت و بەتەنیا ئازار دەکێشێت، هەر بەتەنیا هەست بە خەتاباری و هەڵەکانی خۆی دەکات، بە تەنیاش ویژدانی وریا دەبێتەوە، بە تەنیا باوەڕ دەهێنێت، بە تەنیا بێ باوەڕ دەبێت، هەر بەتەنیا لە نیگەرانی و نائومێدی و نامۆیی و ناخۆشی و بێ مانایی دەژیت. هەر بە تەنیا هەست بە نەبوونی دەکات، ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەست پێ ناکات، مەگەر لە میانەی هێنانە دی خودی کەسییەوە نەبێت. ئەو خودەش بە بێ کردار ناهێتە دی، بوونی مرۆڤایەتی تەنیا لە ڕێگای کردارەوە بە پڕبوون دەگات.

بوون و بەردەوامی خودی مرۆڤ لە ئازادی دایە. ئەگەر ئازادی نەبێت، خود خامۆش دەبێت و دەکوژێتەوە، ئازادیش شتێکی ئامادە و حازر بەدەست نییە پێش ئەوەی بە کاری نەهێنین. بوونی ئازادی واتە پراکتیککردنی ئازادییە. ئازادی نایەتە دی بەبێ بەرپرسیاریەتی تاک لە بەرانبەر خودی خۆیدا، لەبەر ئەوە، ئەو ساتەی ئازادی نامێنێت، خودیش دەکوژێتەوە، چونکە خود هەر تەنیا لە میانەی ئازادییەوە دەژێیت و تەکامول دەکات.

گفتوگۆکردن لەسەر ئازادی و کۆیلایەتی لە ژیانی مرۆڤدا پرۆسەیەکی ئەزەلییە و کۆتایی پێ نایەت، چونکە ئەگەر ئەم گفتوگۆیە کۆتایی بێت، ئەو کاتە ژیان لەگەڵیدا کۆتایی دێت، ئەو گفتوگۆیە سەرچاوەی جووڵە و بەخشینی وزەیە بۆ بەردەوامی ژیان، وەک ئەوەی بڵێی کە مرۆڤ ناچارە ئازاد بێت، بەو ڕادەیەی ناچارە کۆیلە بێت.

لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە تەوقێکی ئەبەدی ئازادی دایە، واتە ئەو مرۆڤە نابێت ئەگەر ئازاد نەبێت، ئەگەر کۆیلایەتی بە بەردەوامی بە دوایدا نەبێت، ئەوە ئەو مرۆڤەش وێڵی ئازادی نابێت، لەبەر ئەوە ئازادی لە ململانێیەکی بەردەوام دایە لەگەڵ کۆیلایەتی.

ئازادی نابەخشرێت، بەڵکو بەدەست دەهێنرێت و دەبێتە خاوەنی. بە دەست هێنان و خاوەنداریەتی ئازادی(تملک الحرية) پێویست بەمانە دەکات: ئازایەتی ویست، جەسارەتی عەقڵ، مەیدانخوازی تێکدانی کۆت و بەندەکان، مرۆڤی زیندوو و بە ئاگا تاکو زیندووە ڕەنج دەدات و تێدەکۆشێت، هەتا لە بەندیخانەو بەندایەتی ڕزگاری بێت. بەندیخانەی جەستە، ناسنامەکەی، مێژووەکەی و کولتوورەکەی، زمانەکەی، تێڕوانینی بۆ جیهان، بتەکانی...تاد، ئازادی لە کۆیلایەتی زۆر قورسترە، چونکە ئازادی ویستە، ئامادەییە، سەربەخۆییە، ئازایەتییە، بەرپرسیاریەتییە، هەڵبژاردەیەکی بە بیروباوەڕەوە (بە ئیمانەوە)یە. هەڵوێستە بەرانبەر بوون، کاتێک ئازاد دەبیت، واتە ڕووبەڕووی هەموو جیهان دەبیتەوە و هەر خۆت بە تەنیا هەموو ئەرکێک دەگریتە ئەستۆ.

کۆیلایەتی لەرزۆکی و نائامادەباشییە، وازهێنان و دەستبەرداربییە، چوونە ژێر ڕکێفە، کەوتنە داوی کەسێکی دیکەیە، پاشکۆیایەتییە، بێ هەڵوێستییە، کەمتەرخەمییە، بێ بەرپرسیارێتییە. ئەگەر کۆیلە بیت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ لە هیچ شتێک بەرپرسیار نیت، تەنانەت لە خۆشت بەرپرسیار نیت، مەترسیدارترین جۆر و شێوازەکانی کۆیلایەتی بریتییە لە

کۆیلایەتی عەقڵ کە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کۆیلایەتی ڕوح و سۆز و ویژدان، کەسی ترسنۆک عەقڵی پەکی کەوتووە، هێزی بیرکردنەوەی نییە، چونکە بیرکردنەوە ئازایەتییە کە زۆر جاریش باجەکەی ئازاربەخشە، لە دەڤەرەکەی ئێمەدا ئەوەی بە ئازادانە بیربکاتەوە، دەبێت ئامادەیی هەموو جۆرە لە دەستدانێکی هەبێت، لە دەستدانی پلەوپایە، پارە و پول، پشتگیری گرووپ، تەنانەت لە دەستدان و بەخشینی ژیانیش.

خاوەن عەقڵ بەدەست عەقڵییەوە لە ئازار دایە. نەزان کەیفخۆشی بە نەزانی خۆیەوە دەکات. پەکخستنی عەقڵ ڕاکردنە بۆ دەربازبوون لە ناخۆشی واقیع، نووستاندنی عەقڵ پەناگەیەکە بۆ سڕبوونمان تا هەست بە ئازارەکانی ژیانێکی پڕووکێنەر نەکەین، بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە ژیان لە جیاتی کەسێکی دیکە کە تێیدا منی کەسێتی ون دەبێت و مرۆڤ واز لەوە دەهێنێت کە ببێتە خۆی، خەڵک بە سروشتی خۆیان بێزارن لە بیرکردنەوە، بێزارن لە هەر شتێک کە عەقڵ لە وەستان و دۆشدامانی وریا بکاتەوە، بۆیە خەڵک هەمیشە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کە کەسێک دەربارەی هەموو شتێک لەجیاتی ئەوان بیر بکاتەوە، هەرکەسێک عەقڵی خۆی لەسەر بیرکردنەوە ڕانەهێنێت، فێری سەربەخۆیی بیرکردنەوە نابێت، فێری بیرکردنەوە نابن مەگەر خوو بە بیرکردنەوە نەگرین.

## یەک چەشنەیی بوونی مرۆڤ
## (تنميط الكائن البشري)

بانگەشە و ئەدەبیاتی گرووپ و حزبەکان، تاکخوازی مرۆڤ فەرامۆش دەکەن و باس لە کەسێتی مرۆڤ ناکەن. دیارە ئەمەش لەو بانگەشە و بەرنامانەی حزبە چەپ و ناسیۆنالیست و گرووپە ئیسلامییەکان دەردەکەوێت، ئەمانە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ تاک دەکەن کە ڕەگەزێکە لە پێکهاتەی گرووپدا دەتوێتەوە. لە دەرەوەی چوارچێوەی گرووپدا، تاک بوونێکی ڕاستەقینەی نییە، ئەو گوتە و دروشم و پەروەردەکردنانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەرکی هەرکەسێک لە ژیاندا ئەوەیە کە بچێتە ژێر ڕکێفی ئەو فەرمانەی بەسەریدا دەسەپێنرێت و جێبەجێی بکات، نکوڵی لە خودی خۆی بکات و لە پێکهاتەی گرووپدا بتوێتەوە، واتە وازهێنانی تاک لە هەر وورووژاندنێکی ناوەوەی خۆی و کپکردنی ئاسۆ و مەوداکانی ناوەوەی خود، بەڵام بەهای تاک و پلەوپایەی تاک، پێویستییە خودییەکانی، پێویستییە ڕوحییەکانی، لایەنی سۆزداری و ویژدانی و عەقڵی هیچ گرنگییەکیان نییە، تەنیا لە چوارچێوەی ئەو پێکهاتەیەدا نەبێت کە بریتییە لە گرووپ و داخوازییەکانی گرووپ.

عادەتەن ئەوەی کە لە دابی پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرکردنی ناو گرووپ دەگوزەرێت بریتییە لە پرۆسەیەکی بەیەکچواندن و یەک شێوازێتی ئەندامەکانی گرووپ لە بچووک و گەنج و پیری هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ئەم یەکچواندنە خۆی لە تواندنەوەی خود لە ناو گرووپ و سڕینەوەی تایبەتمەندی و ناسنامەی کەسەکە دەنوێنێت. دەبێت هەموو شتێک بە یەک بچن و وەک یەکتر وابن و هەمووان بەیەک شێوازی پابەند بن: هەر لە دەقە خوێنراوەکان و ناوی نووسەرەکان و ڕاهێنان و ئەو کار و چالاکییانەی بە شێوەیەکی خولەکی جێبەجێ دەکرێن و پرۆگرامی ڕۆژانە و ڕەفتاری کەسی و دابونەریتەکان و شوناسنامەکان و خولیا و گرنگی پێدانەکان و پۆشاکەکان و خواردن و خواردنەوەکان، هەرکەسێک لە ناو گرووپدا بژیت و هەرچی لە دەوروبەریەتی دەبێت هاوشێوە و وەک یەکتر وابن و لەگەڵ هەموو تاکەکانی ناو گرووپەکە هاوگونجاوبن، تا ئەو ڕادەیەی وای لێ دێت کە تاکەکانی ناو گرووپ بێ ڕەنگ دەبن و لە هەموو شتێک و بوارێکدا وەک یەکترن و بوودەڵەن، بە بێ ئەوەی شتێکی جیاوازیان لێ بەدی بکرێت، یان تۆزقاڵێک خەسڵەتێکی جیاکەرەوەیان لێ بەدی بکرێت کە بۆ سروشتی مرۆڤایەتی جیاواز و شوناسنانەی تایبەتی مرۆڤەکان بگەڕێتەوە، وەک ئەوەی کەسانێک بن بێ ڕوخساری تایبەت، وەک بڵێی تارمایی بن، لە ڕووی چەندایەتییەوە چەند شتێکن، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتییەوە هاوشێوەن و یەک شتن، بەو پێیەی کە سەر بەهەمان ئەو نموونەیەن کە ئایدیۆلۆجیای حزب و گرووپەکان دایدەڕێژن کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە: نەک فەرامۆشکردنی خود و لەناوبردنی، بەڵکو بەشتکردنی خود (تشيؤ الذات)، وەستاندنی عەقڵ و گەڕانەوە لە پرۆسەی بیرکردنەوە و داڕشتنی بیروبۆچوونەکان و بڕیار و هەڵوێستەکان هەر تەنیا بۆ دەستوور و ڕێنماییەکانی

گـرووپ، هەروەها دەبێـــتـە هۆی لاوازی و بێ توانایی ویست، دەستەوەستانبوون لە دەرکردنی هەر بڕیارێک و دەربڕینی هەڵوێســتی کــەسی، چونکە لە هەمــوو ئەو حاڵەتانەدا پابەندی هەڵوێست و بۆچوونەکانی گرووپە.

لەوانەیە ئەندامـانی گـرووپ، فـەرامـۆشکردنی ژیانی ناوەوەی خۆیان و داپەڵۆسینی جیـهـانی ناوەوەیان بەوە کــۆتایی بێت کـــە بکەونە داوی پۆشـــینی چەندان دەمـامک(مـاسک) و ڕەفتاری دەرەکی کەسایەتییـەک بەرجەسـتـە بکات کـە ڕەنگدانەوەی جێـبـەجێ کـردنی پەیڕەوەکـانی گـرووپ بێت، ئەمـە لە کـاتێکدا کـە ئەو کەسایەتییە لە ناوەوەی خۆیدا چەندان بیروڕا و دیدگای تایبەتی خۆی شاردووەتەوە و نکوڵیان لێ دەکات، بەڵام ڕەنگە لە وێستگەی تایبەتی و لە دانیشتنی نهێنیدا ئەو پەنگخواردووانەی ناوەوەی خۆی هەڵبڕێژێت، لەبەر ئەوە هەمــوو ژیانی ئەو جـۆرە ئەندامــانەی گـرووپ دەربڕی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دووفاقی و دووڕوویی دەبێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەم گرووپانە گرنگی بە هەموو ئەو شتانە دەدەن کە لە دەرەوەی خودی تاکەکانیاندایە. گرنگی دان بەناوەوەی خود، بە خۆپەرستی بێ مانایی و مایە پووچ دادەنرێت، هەروەها بە دەرچوون لە گرووپ و لادان لە ئەرکە مەزنەکەی ڕزگارکاری جەماوەر لە قەڵەم دەدرێت.

هەر کەسێک لە ئەندامانی گرووپ وریا بێتـەوە و بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە، گرووپەکەی لە ڕیزی ئەندامانی خـۆی دووری دەخـاتەوە و وەدەری دەنێت، ئەو کـاتە ئەو کەسە دەگـەڕێتـەوە بۆ خودی خۆی و بەو شـتـانەی خۆی دەزانێت: غـــەمگـینـی و ئارەزووەکـــانـی و هەست و سۆزەکانی و پێویستییەکانی و خەون و خولیاکانی و ئازار و تووڕەبوونەکانی و خۆشی و ناخۆشییـەکانی و نەخۆشی و تەندروستی و مەرگی و...تاد.

لێرەدا ئەدەبیاتی گرووپە ئیسلامیـیەکان، دژایەتی هزرە فـەلسـەفی و بەرهەمـەکـانی سۆفیگەری و عیـرفـان لە ئیسلامدا دەکەن، ئەو کەسەی بۆ ئەو میراتە هزرییانە بگەڕێتـەوە بە زەندەقـە و دەرچوون لە ئایین تۆمـەتبـار دەکرێت. ئەم گرووپانە هۆشداری بە لایەنگرانی خۆیان دەدەن کە ئەو میرات و دەستکەوتە هزرییانە فـەرامۆش بکەن و لێیان نزیک نەبنەوە، ئەمە هەڵوێستێکە سەرجەم ئەو جـۆرە گـرووپانە لەسـەریدا کـۆکن، هیچ گـرووپێک لەوانە لەو بۆچوونە بەدەر نیـیـە، لەبەر ئەوەی درک بەوە دەکـەن کە ئەم مـیراتە هزری و فـەلسـەفـیـیانە پڕیەتی لە هاندانی زیندووکـــردنەوەی عـــەقڵ و تێـــڕامـــان و لێــوردبوونەوە و بیــرکــردنەوە، هەروەها ئەو گــرووپانە هەڵوێســتی دژایەتی خـۆیان لە بەرانبـەر بەرهەمـەکـانی سۆفیگەری و عیـرفـان دەردەبڕن، چونکە ئەو بەرهەمـانە ڕۆچوونە بۆ فەزای خود و نهێنییەکانی خود دەردەخەن و ڕوح وریا دەکـەنەوە و بڵـێـسـەی ڕووناکی دەخـەنە دڵ و ویژدان دەبزوێنن و دەوڵەمەندی دەکەن و ئەزموونی ڕوحی تاکـەکـەس وەگـەڕدەخـەن، هانی گـەڕان دەدەن بە دوای قـووڵایی ژیانی کـەسیی بۆ هەڵدانەوە و دۆزینەوەی چینە سەربەکەکانی نەفس و ڕۆچوونە ناواخنی جیهانی نەفس و هەڵکۆڵینی داپۆشـراوەکـانی نەفس و گـەڕان بە دوای هەڵچوونەکانی نەفس و نیگەرانییەکانی و توندوتیژی و تەقینەوەکانی ئەو نەفسە.

## کەسایەتی خوازراو
## (الشخصية المستعارة)

هۆکـارەکـانی ڕاگـەیاندنی ئەو گـرووپانە ئاژاوەیەک دەنێنەوە، ڕۆژنامــە و چاپەمــەنـیــیەکـــان و کـەناڵە ئاسمـانییـەکان، هەرچی کەناڵی بینراو و بیستراو هەیە کاتی کۆمەڵگە هەڵدەڵووشن و بەفیڕۆی دەدەن، بە قسە جوینەوە و گوتارێک کە هیچ پەیامێکی نوێیان پێ نییە کۆمەڵگە ماندوو دەکەن، دەرفەتێک بۆ خەڵک ناهێڵنەوە کە بیربکەنەوە، ئەوەی دەیانەوێت دەری ببڕن بریتییە لە دروشمی کۆیلایەتی و قسەی زیادی بێ مانا، حاڵەتێک لە نووستنێکی بە کۆمەڵی سەرتاپاگیری دەهێننە کایەوە. مرۆڤەکان بەرەو ڕووکەشی وەردەچەرخێنن، کەسایەتییان ڕەش دەکـەنەوە و دەنگی تایبـەتی خۆیان کپ دەکەن. ئا لەوکاتەدا مرۆڤەکان بە تەواوی لە خۆیان و واقیعی ژیانی خۆیان دوور دەکەنەوە و لەو سەردەمەش دووردەکەنەوە کە تێیدا دەژین.

عـادەتەن لەو حـاڵەتانەدا هەمــوو گـرفـتـەکـانیـان هەڵدەپەسێرن، هەموو کێشەکـانیان لە دوژمنی دەرەکی دەبیننەوە، باسی ڕەگـوڕیشـەی کـێـشـە مـێـژوویی و ناوخۆییەکـانیان ناکەن و باس لە شێواز و بەریەککەوتە ئایینی و کـولـتـووری و کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسـی و ئابوورییـەکان ناکەن، کە کـێشـەکـان تێیـاندا سـەریان

هەڵداوە، زۆرجاران ئەو قسە جووینەوانە پڕن لە وشە و زاراوە و دەستەواژەی دوژمنایەتی و ڕق و قینەی توند، بە چەندان شێواز جوێن بەو ئەوی دیکە(الاخر) دەدەن و قسەو قسەڵۆکیان بۆ هەڵدەبەستن، ئەمەش بە پشت بەستن بە ڕاڤەی پێش وەختە و ئامادەکراو بۆ هەموو گرفت و ململانێیەکان، هەوڵ دەدەن هۆکاری هەموو گرفتەکان بۆ ئەوی دیکە بگەڕێننەوە، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕەگوڕیشە و ڕەگەزەکانی دواکەوتن و دارمان کە لە ڕابوردوودا هەبوونە و کەڵەکەبوونە، ڕۆچوونەتە قووڵایی مێژووی کۆمەڵگەوە.

کاتێک هۆشیاری تاکەکەسی لە ئارادا نابێت، ئەمەش ئەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە ناسنامەی کەسایەتی بپووکێتەوە و نەمێنێت و خود لەناو کۆمەڵگەدا بتوێتەوە، لەوکاتەدا کەسایەتی ڕاستەقینەی ڕەسەن ون دەبێت، نموونەی کەسایەتی خوازراو بەربڵاو دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەستەباڵایی بوونی ڕوحی مێگەل و ڕەشەخەڵک و بڵاوبوونەوەی لۆجیکی مێگەل و حوکمە ئامادەکراوەکانی، ئەوکاتەش پێوەرەکانی حەقیقەت و حەق و بەها دەگۆڕێن بۆ ئەو شێوەیەی کە لۆجیکی جەماوەر و ئارەزووەکانی ڕەشەخەڵک دەیخوازن، ئەمەش وادەکات دەمارگیری و بۆچوونی فاشیستانە بڵاوببێتەوە، چونکە هەر کەس و گرووپێکی مرۆڤ کار بەو بەها باوانە نەکات کە لە ڕەفتار و لەناو کۆمەڵگەدا کاریان پێ دەکرێت، کەس قبووڵیان ناکات و ناچاردەبن نکوڵی لە بیروباوەڕ و بەهاکانی خۆیان بکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی کوشتنی توانایی داهێنان کە هەمیشە بەرهەمێکی تاکەکەسییە.

مرۆڤە کۆپیکراوەکان ناتوانن لە بەها باوەکان لابدەن و لێیان تێبپەڕن، ناتوانن هیچ شتێک دابهێنن لە دەرەوەی بەها و و بیر و بۆچوونە باوەکاندا، مرۆڤە کۆپیکراوەکان توانایی ئەوەیان نابێت لەوەی کە باوە تێبپەڕێنن، هەموو ئەوەی کە دەیکەن لاساییکردنەوەیەکە و هەمیشە چەند بارە دەبێتەوە.

لەم جۆرە کەشوهەوایەدا، خەڵک وریا نابێتەوە، ناتوانن ڕووبەڕووی خودی خۆیان ببنەوە، بەڵکو لە بێ ئاگاییدا دەخنکێن و خۆیان لە بیردەکەن کە ئێستا لە چ بارێکدانە و داهاتوویان چییە؟ دەکەونە ناو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە و هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانەی لە دەرەوەی خۆیانە تەواو خۆیان ون دەکەن، هەموو دەکەونە ئەو هەڵەیەی بەختەوەرییان کە پێوەندی بە خودی خۆیان نییە. ئاگایان لەوە نامینێت بیر لە ژیانی کەسیی خۆیان بکەنەوە، پرسیاری ئازایانە لە خۆیان بکەن، وەک ئەوەی بپرسن گۆڕانی جیهان سوودی چییە، ئەگەر من پێشتر نەگۆڕیم؟ سوودی چییە ئاشتی لە جیهاندا جێگیر بێت، ئەگەر ژیانی من ئاشتی تێدا نەبێت؟ سوودی چییە جیهان بەختەوەر بێت، ئەگەر من بەختەوەر نەبم؟ سوودی چییە جیهان جوان بێت، ئەگەر من جوان نەبم؟ سوودی چییە، ئەگەر هەموو جیهان بەدەست بهێنی و خۆت لەدەست بدەیت(٢)، هەروەک حەزرەتی مەسیح فەرموویەتی (سڵاوی خوای لێ بێت).

## مرۆڤ بوونەوەرێکی قووڵە

مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر تەمومژاوییە، ئەگەر هەموو ژیانمان بۆ دۆزینەوەی مرۆڤ بەرێ بکەین، ژیانی خۆمان بە فیڕۆ نەداوە، گرفتەکانی مرۆڤ بۆ سەرنەکەوتنی دۆزینەوەی حەقیقەتی مرۆڤ دەگەڕێنەوە، دۆزینەوەی مرۆڤ زۆر زۆر قورسە، لە هەرکەسێکی سادە قووڵاییەکی شاراوە هەیە و نایبینین، لە هەرکەسێکی قووڵدا ڕەنگی منداڵێک هەیە و نایبینین، ڕۆژانە لە قووڵایی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیاندا دەژین و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، چەندان شت دەشاردرێنەوە و نایاندۆزینەوە، کاتێک هەرشتێک لە کەسێک دەدۆزینەوە چەندان شتی دیکە دەستمان پێیان ناگات و لە قووڵایی ئەو کەسەدا ونن و نایاندۆزینەوە، لەوانەیە تا لە ژیاندابن بەو شتە شاراوانە نەگەین.

لەوانەیە هەندێ جار بتوانین شتە شاراوەکانی ناوەوەی کەسەکان بدۆزینەوە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەفتارانەی کە دەینوێنن، وەک هورێنەکردن، قسە لەزار دەرچوون، لە بیرکردن، ئارەزووە دژەکان، هەڵوێستە دژەکان.

لە خودی مرۆڤدا چەندان ناکۆکی دژ بە یەکتر کۆدەبنەوە، هیچ کەسایەتییەک سەقامگیر نییە، مەگەر مرۆڤ نەبێت و بەرد بێت، چونکە هەر چەند خودی مرۆڤ زیندوو بێت، ناکۆکییەکان تێیدا توندتر دەبن، بەڵێ وادەردەکەوێت، واتە ناکۆکی و دژەکان بە پێی پێوەرەکانی عورف و عادەت و ئایین و ئایدیۆلۆجییەکان، بەڵام ئاخۆ دەبێت مرۆڤ دژەکان بەخۆوە نەگرێت؟ ئەی

لاوازی و بێ توانایی‌مان بەشێک نییە لە لەزەتی ژیان؟ ناکۆکی و دژەکانی ناو مرۆڤ لەو کاتانەدا دەردەکەون، کە ئەم دژانە لەگەڵ یەکتردا کۆدەبنەوە: لاوازی و بە هێزی، ڕق و کینە لەگەڵ خۆشەویستی، توندوتیژی لەگەڵ بەزەیی پێداهاتنەوە، کۆبوونەوەی چەندان دژیەکی دیکە، بەڵام ئێمە ئاگامان لەوە نییە، ئەگەر شکست و سەرنەکەوتن نەبووایە، سەرکەوتن نەدەبوو، ئەگەر لاوازی نەبووایە، بە هێزی نەدەبوو، ئەگەر ڕق و کینە نەبووایە، خۆشەویستی نەدەبوو، ئەگەر توندوتیژی نەبووایە، بەزەیی پێدا هاتنەوە نەدەبوو...تاد، دەشێت ئەمانە هەموویان لە زەخیرەی خودی مرۆڤایەتیدا بە دی بکرێن.

بەم جۆرە دەبینین کە دژەکان لە جیهاندا بە هەمان شێوەن، تاوەک جیهان ببێتە گۆڕەپانێکی نەشونماکردن و بەردەوامی بەرەو کامڵبوون، چونکە ئەم نەشونماکردنە ناهێتە دی بەبێ بوونی خراپە لە بەرانبەر چاکەدا، ناتەواوی بەرانبەر کامڵبوون، ئەگەر نەزانی نەبووایە، مرۆڤ نەیدەتوانی زانست بەدەست بێنێت، ئەگەر شەڕ نەبووایە مرۆڤ نەیدەتوانی ئاشتی بەدەست بێنێت، ئەگەر نەخۆشی نەبووایە مرۆڤ دەرمان و هەموو ئەو هۆکارانەی پاراستنی تەندروستی نەدەدۆزییەوە، ئا بەم جۆرە شێخی ئیشراق سوهرەوەردی دەڵێت (لولا التضاد ما صح دوام الفیض عن المبدأ الجواد)(٣)، واتە (ئەگەر دژەکان نەبوونایە، فەیزی بوون بەردەوام نەدەبوو، تاکو بوونێکی نوێ دەربکەوێت).

لە کەسایەتی هەر مرۆڤێکدا خاڵێکی پڕشنگدار، یان زیاتر هەنە، لە جەستەی، یان عەقڵی، یان سۆزی، یان ڕەفتاری هەرکەسێک، تەنانەت خراپترین کەسیش بێت، بەلایەنی کەمەوە خاڵێکی پڕشنگداری شاراوەی هەیە.

هۆکارەکانی گرفتاری کەسی مرۆڤ بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە مرۆڤەکان لە دۆزینەوەی خودی خۆیاندا و ڕۆچوون بە ناخی خۆیاندا سەرکەوتوو نەبوونە، جا هەر کەسێک لە بەدەستهێنانی کەسایەتی خۆی و دۆزینەوەی ئاوازی تایبەتی خۆی سەرکەوتوو نەبێت و جێی پەنجەی خۆی لە ژیاندا نەنەخشێنێ، هەر ترووسکاییەک ببینێت ڕایدەکێشێت و دەیبات، ئەو کاتەش کەسایەتی خۆی دەبێتە سێبەری کەسێکی دیکە، هەمیشە ئەو قسانەی کەسانی دیکە دەجوێتەوە کە بەرگوێی دەکەون.

مرۆڤ بەهەڵەدا دەچێت، ئەگەر وا بزانێت خودی خۆی لە دەرەوەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەو درک بەوە ناکات کە هەرگیز خودی خۆی نادۆزێتەوە، مەگەر تەنیا لەناو خودی خۆی نەبێت، بایەزیدی بوستامی چەند جوان وێنەی فەرامۆشکردنی خودی کێشاوە، کاتێک باس لەوە دەکات کە ئەو نزیکەی چڵ ساڵان خودی خۆی فەرامۆش کردبوو، ئەو کاتە ئەمە دەدرکێنێت کە کەسێک پرسیاری لێ دەکات کە بایەزید کێیە؟ لە وەڵامدا دەڵێت بایەزید کێیە؟ کێ بایەزید دەناسێت؟ چڵ ساڵە بایەزید پرسیار و داوا لە بایەزید دەکات، نایدۆزێتەوە!(٤)

دۆزینەوەی جیهان بە دۆزینەوەی خود دەست پێ دەکات، هۆشیاری جیهان بە هۆشیاری خود دەست پێ دەکات، بینینی قووڵی جیهان، بە بینینی قووڵی خود دەست پێ دەکات، هەستکردن بە تاریکی جیهان بە هەستکردنی تاریکی خود دەست پێ دەکات، ڕەخنەگرتنی جیهان بە ڕەخنەگرتن لە خود دەست پێ دەکات، ئازایەتی لە زانینی نهێنییەکانی جیهان بە ئازایەتی زانینی نهێنییەکانی خود دەست پێ دەکات، ڕۆشنکردنەوەی جیهان بە ڕۆشنکردنەوەی خود دەست پێ دەکات، قبوڵکردنی جیهان بە قبووڵکردنی جیهان دەست پێ دەکات، دانپێنان بە جیهان بە دانپێنان بە خود دەست پێ دەکات، لێبووردەیی لە جیهان، بە لێبووردەیی لە خود دەست پێ دەکات، ڕێزگرتنی جیهان لەگەڵ ڕێزگرتنی خود دەست پێ دەکات، ئاشتی لەگەڵ جیهان، بە ئاشتی لەگەڵ خود دەست پێ دەکات. ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت و نەتوانێت ئاگرەکانی خودی خۆی دامرکێنێتەوە، ناتوانێت ئاگرەکانی جیهان بکوژێنێتەوە، خۆدەربازکردن لە کۆتوبەندەکانی جیهان بە خۆدەربازکردن لە کۆتوبەندەکانی خود دەست پێ دەکات، ڕزگارکردنی جیهان لە کۆیلایەتی بە ڕزگارکردنی خود لە کۆیلایەتی دەست پێ دەکات، گۆڕینی جیهان بە گۆڕینی خود دەست پێ دەکات، بەهادانان بە جیهان، بە بەهادانان بە خود دەست پێ دەکات، تێگەیشتن لە بەڕێوەبردنی جیهان بە تێگەیشتن بە خود دەست پێ دەکات، هەستکردن بە ئازارەکانی جیهان لەگەڵ هەستکردن بە ئازارەکانی خود دەست پێ دەکات، هاوکاریکردنی جیهان لەگەڵ هاوکاریکردنی خود دەست پێ دەکات، خۆشەویستی خودا و مرۆڤ و جیهان بە خۆشەویستی خود دەست پێ دەکات، فەرامۆشکردنی خودا لە خود دا فەرامۆشکردنی خودایە لە جیهان، ئامادە

نەبوونی خودا لە خوددا ئامادەنەبوونیەتی لە جیهاندا، ئەوەی لە خودی خۆیدا بەخودا نەگات لە جیهاندا لە دەرەوەی خودی خۆیدا پێی ناگات، ئەوەی لە خودی خۆیدا خودا نەبینێت لە جیهاندا نایبینێت، ناسینی خودا لە خوددا ناسینی خودایە لە جیهاندا، هەروەک پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: (من عرف نفسه فقد عرف ربه)(٥) واتە ئەوەی خۆی ناسیبێت، خوای ناسیوە.

نفیری بەم شێوەیە وێنەی ئەم حاڵەتە دەکێشێت (من سألك عني فسله عن نفسه، فان عرفها فعرفني إليه، وإن لم يعرفها فلا تعرفني إليه، فقد غلقت بابي دونه)(٦)، واتە (ئەوەی پرسیارم لێ دەکات، با پرسیار لە خۆی بکات، ئەگەر نەفسی خۆی ناسی، منی پێ بناسێنە، ئەگەر نەفسی خۆی نەناسی، پێمی مەناسێنە، من دەرگاکەم لە سەر ئەو داخست).

دەنگێکی نێژراو لە قووڵایی جیهانی خوددا هەیە، ئەویش گفتوگۆی خودە لەگەڵ خۆیدا، مۆنۆلۆجێکی ناوەکییە، هەندێ کەس بەو دەنگە وریا دەبنەوە، ئەو کەسانەش ئەو قسانە دەڵێنەوە: من خۆم نیم، وێنەکەم ئاوێنەی ناسنامەمە، زیادەی ناسنامەکەم(٧) خودمی داگیر کردووە، هەروەک چۆن ئازادی لێ زەوت کردووم، هەرگیز گوێم لە دەنگی خۆم نییە، دەنگم دەنگدانەوەی هۆز و گرووپەکەمە کە ناچارم دەکات ناسنامەیەکم پێ ببەخشێت کە خۆمی تێدا نییە، تا وێنەکەم لەگەڵ ئەو ناسنامەیەی کە گرووپ و کۆمەڵەکەم بانگەشەی بۆ دەکات گونجاو بێت، بەڵام هەرکاتێک لەگەڵ خۆمدا لە خەڵوەت دەبم، یەکسەر خودی خۆم دەردەکەوێت و دەمامکەکان تێکدەشکێن و هەموو ئەو شتانەی خودمیان داپڵۆسیوە، تێکدەشکێن، کەسایەتی خۆم دەشارمەوە، ئەو کەسایەتییەی کە هەر تەنیا ئەو کاتە دەیبینم کە خودم ڕوو بە ڕووی خودی خۆم دەبێتەوە.

باوک و دایک و خێزان و کۆمەڵ، بەڵکو هەموویان دەیانەوێت تۆ کەسێکی دیکە بیت، کۆپییەکی دیکەی ئەوان بیت، دەبێت هەمیشە لەگەڵ سروشتی مرۆڤانەی خۆت لە ململانێدا بیت، تا لە خودی خۆت دەستبەرداربیت و بچیتە ژێر ڕکێفی ئەوانەوە، بەڵام خودی خۆت هەمیشە سوورە لە سەر تاکخوازی خۆت و پێداگیری لەسەر دەکات، واز لە خولیای سەربەخۆبوون ناهێنێت، واز لەوە ناهێنێت کە دەرباز بێت لەو هەموو کۆتوبەندانەی خێزان و گرووپ و کۆمەڵگە بەسەریاندا چەسپاندووی و بەندیان کردووی.

لەوانەیە مرۆڤ لە وەهمی ئەوە دا بێت کە دەتوانێت لە دەرەوەی خۆیدا خودی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو نازانێت کە ناتوانێت خودی خۆی بدۆزێتەوە، مەگەر لەناو خودی خۆی نەبێت، بەڵکو مرۆڤ خودی خۆی ون دەکات، ئەگەر هەوڵی ئەوە بدات لە میانەی کەسانی دیکەوە خۆی بناسێت، لەبەر ئەوەی کۆتاییەکەی ئەو هەر کۆتایی خۆی دەبێت، مردنەکەی ئەو هەر مەرگی خۆی دەبێت، دەبێت بزانێت ویست و باوەڕبوون بە خۆت و بە ئازایەتی و ئازادی و ناسنامەی خۆت دەرناکەون، مەگەر لە میانەی ئەوە نەبێت کە ببیتە خۆت.

## باوەڕ هەڵبژاردەیەکی کەسییە

باوەڕهێنان مەسەلەیەکی کەسییە و هەڵبژاردەیەکی تاکخوازانەیە، هەروەها بێ باوەڕیش بە هەمان شێوە مەسەلەیەکی کەسییە و هەڵبژاردەیەکی تاکخوازانەیە، بە هەمان شێوەش مەرگ و چارەنووسی مرۆڤ دوای مەرگ پێوەندی بە تاکەکەسەوە هەیە، باوەڕ لەگەڵ تەلقینکردندا هەڵناکات و لە زۆرەملێ و توندوتیژی ڕادەکات، هەروەها بەو جۆرەش نایەتە دی کە زۆر قسە دەربارەی ئایین بکرێت و مزگێنی ببەخشرێت و زۆرترین ژمارەی مرۆڤەکان لە دەوری ئایین کۆبکرێنەوە لە پێناو تەلقیندانیان بۆ باوەڕهێنان، ئەمانە دەبنە هۆکاری ئەوەی کە دەرەنجامێکی لێ بکەوێتەوە لەگەڵ ڕوحی باوەڕهێنان و ویژدانی قووڵی ئایینی ناگونجێن، لەبەر ئەوەیە کیرکەگۆرد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (هەرەسهێنانی ئایینی دەرەنجامی زۆر قسە کردنە لەسەر ئایین)(٨).

باوەڕداری حاڵەتێکی ڕوحی باڵایە و هەستی نییە، باوەڕداری جەوهەرێکی چلۆنایەتییە و ناچێتە ژێر ڕکێفی پێوەرەکانی چەندایەتی مەتریاڵی، بەڵکو حاڵەتێکی تاکەکەسییە و کۆمەڵی نییە. باوەڕداری لە خودی کەسەکاندا دێتە دی، ئەویش لە میانەی گەشتکردنێکی تێکۆشانی خودە بۆ هەڵکشان بەرەو حەق. کاتێک باوەڕ ئەو حاڵەتەی وەرناگرێت کە پێوەندییەکی زیندووی لەگەڵ پەروەردگاردا هەبێت، بەڵکو وەک بیروباوەڕەکان و گوتراوەکان و چەمکەکان و هزرەکان و دروشمەکانی لێ

دێت کە دەبێت هەموو کەسەکان بە گشتی هەیانبێت، هەمووان ئیشی بۆ دەکەن و ئەزیەری دەکەن و هەمووان جێبەجێی دەکەن، ئەو کاتە دڵ تینوێتی بە لەزەتی ویساڵی حەق ناشکێت، چونکە عەقڵ کۆمەڵە چەمکێک بە خۆوە دەگرێت وەک کەرستەیەکی مۆمیاکراوی ناو بەتاڵ کە هیچ زیندوویێتییەکی تێدا نییە.

باوەڕداری بە پێچەوانەی تێگەیشتن و مەعریفە بە بریکاریەتی و لەجیاتی یەکتر ناهێتە دی، لە پرۆسەی تێگەیشتندا دەکرێت مرۆڤ زانیارییەکانی لە کەسێکی دیکەوە بە دەست بهێنیت، یان کەسێکی دیکە لە بۆچوونەکانی خۆیدا دووپاتیان بکاتەوە، بەڵام باوەڕداری ئەزموونێکی خودییە کە لە ناوەوەی مرۆڤدا سەر هەڵدەدات، سەیرورەیەکە -نەشونماکردنێکە- تێیدا ڕوح خۆی دەهێنێتە دی و کامڵ دەبێت، شێوازێکی بوونە تینوێتی ئەنتۆلۆجی دڵ دەشکێنێت، کە تێیدا دەستەواژەکان بەرتەسک دەبنەوە، جگە لە ئاماژەیەک بە هیچ شێوەی دیکە دەستنیشان ناکرێت، قووڵترین ماناکانی ئەوەیە کە چێژی لێ وەردەگرین، بەڵام وشەکانمان بەرتەسکن و بۆیان هەزم ناکرێت، قسەکردنمان ناتوانن لە چوارچێوەیەکدا باسی لێوە بکەن و دەری بخەن، باوەڕداری لە ڕەگەزی حاڵەتەکانە، وەک ئیبن عەرەبی باسی لێوە دەکات و دەڵێت: (چوارچێوەی قسە و وشەکان بەرتەسکن و ناتوانن ماناکانی حاڵەتەکان بەخۆوە بگرن) (٩).

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بانگەشەکردنێکە بۆ سۆفیگەرایەتییەکی قەناعەتدار، چونکە من لەگەڵ سۆفیگەرییەک نیمە کە تاکە ئامانجی خۆخلاسکردنێکی تاکخوازانە بێت، کە تاک لە جیهاندا دەردەهێنێت. گۆشەگیری و خۆجیاکردنەوە لە کۆمەڵگە لانەی وەهمەکانە، ئەوی دیکە -الآخر- ئاوێنەی خودە، بەڵکو وێنەی خود خۆی دەرناکەوێت، مەگەر لە کەسی دیکەوە نەبێت.

## مافی جیاواز بوون

ئەو شتانەی کە لە ژیاندا ماندوومان دەکەن، هەروەها هەستیاریمان بەرانبەر شتەکان، زۆرجاران لەو شێوەی دیدگاکانمان بۆ جیهان و ژیان و مرۆڤ سەرهەڵدەدەن، عادەتەن ئێمە تەنیا دوو ڕەنگ لە جیهاندا دەبینین: (ڕەش و سپی) بە پێی ئەم دوو ڕەنگە پۆلێنکاری دەکەین، خەڵک و ڕەفتاری مرۆڤ و هەڵوێستەکانیان پۆلێن دەکەین، یان چاکە، یان خراپە، جوانە، یان ناشرینە، دۆستە، یان دوژمنە...تاد.

بەڵام ڕاستییەکەی جیهان زۆر فراوانترە و بێ شومار ڕەنگەکان و هەڵوێستەکان بەخۆوە دەگرێت، هیچ مانای نییە کە هەموو شتێک لە بەندیخانەیەکی دووانەیی ماویزم (ثنائیات ماویة)(١٠) دابێت. ئەم لۆجیکە دنیای بەرەو شەڕێکی مەترسیدار پەلکێش کردووە کە بەهۆی ئەم هەموو کوشتار و خوێنڕشتنانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویان داوە، کاروانی مرۆڤایەتی لەسەر ئێسکوپرووسک و کەللەی سەرەکان بنیادناوە.

ڕێگاچارەی ژیانێکی هاوبەشمان نابێت، مەگەر بە هەمووان بچین و بە بێ ئەوەی هیچێک لەوان بین، بە بێ ئەوەی هاوگونجانێکی تەواومان لەگەڵیاندا هەبێت و ببینە کۆپییەکی ئەوان، جوانی لە هەر جوانییەک وەردەگرین، لە هەر ڕۆشنکەرەوەیەک تیشکێک وەردەگرین، لەهەر پاکییەک، پاکییەک وەردەگرین، لە هەر چاکییەک، چاکییەک وەردەگرین، لە هەر زیندوویەک، زیندوویەتییەک وەردەگرین، لە هەر هەموارێک، هەمواریییەک وەردەگرین، لە هەر سەرکەوتوویەک، سەرکەوتنێک وەردەگرین.

مافی جیاوازی بوون پێویستییەکە سروشتی مرۆڤ دەیچەسپێنێت، چونکە مرۆڤ پێویستییەکی قووڵی بە داهێنان و تاکخوازی و جیاکاریبوون هەیە، هیچ داهێنانێک بە بێ بەهرە جێبەجێ ناکرێت، هیچ جیاکاری بوونێک بەبێ تاکخوازییانە نابێت، بەهرە و تاکخوازیش نەشونما ناکەن و ناچەسپێن تەنیا لەو کۆمەڵگەیەدا نەبێت کە مافی جیاوازیبوون بۆ هەموو کەسەکان دەستەبەر نەکات، سەرجەم گرووپە ئایینی و ئەتنییەکان لە پێناو دانپێناندا تێ دەکۆشن، هونەری پێکەوە ژیان وادەخوازێت کە هۆشیاری و هەوڵ و کۆشش و توانایییەکی ڕاستەقینە لە ئارادابێت لە پێناو هێنانەدی دانپێنانی یەکتر بە هەمەجۆری و جیاوازییەوە.

لۆجیکی هزری تاکڕەهەندی دژی مافی جیاوازیبوونە، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بانگەشەی یەکخستن و هەمەچەشنکردنی زۆرەملێی هەموو جۆرە شێوازەکانی بیرکردنەوە و دەربڕینەکان دەکات، دژایەتی هەموو جۆرە

چەندایەتییەک دەکات بەسەرجەم دەرکەوتەو دەربڕینەکانییەوە، لۆجیکی هزری تاکڕەهەندی لەو هەستەوە دروست دەبێت کە پێی وایە حەقیقەت یەک ڕووی هەیە و یەک ڕێگای تایبەتی دۆزینەوەی هەیە، ئەمەش وای لێ دەکات لەو باوەڕەدابێت کە خاوەنی ڕاستییەکی ڕەهایە، کە ئەمەش دەرفەت بۆ هەموو جۆرە کردارێکی دوژمنکارانە لە پێشێلکردنی باوەڕ و بەهاکان و ئەخلاقدا دەڕەخسێنێت.

لێرەدا ڕاڤەکردنی دەقە ئایینییەکان لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سەردەم ئەو پێویستییە دەهێنێتە کایەوە کە دەبێت ماوەی ڕۆشنبیری لە نێوان ڕابوردوو و ئێستادا نەمێنێت، دەقەکان لە نامۆبوونی مێژوویی ڕزگار بکرێن، هەروەها لەو جۆرە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنانەش ڕزگار بکرێن کە هەر ترووسکاییەک و دیدگایەکی ڕەسەن و بالآ دەشارنەوە کە هاوتەبایی و گونجانێک لە نێوان دەقەکان و ئەو سەردەمانەدا بەرهەم دەهێنن، دەبێت چرایەک هەڵبکەین و بۆ خەڵک ئەوە ڕۆشن بکەینەوە کە دەبینین ڕێگایەکی ڕاستە، نەوەک ببینە دادوەر و دادگای پشکنین بۆ ویژدانەکان دابمەزرێنین و لە بیروباوەڕەکانی خەڵک بگەڕێین و بیانپشکنین.

هەروەها پێویستیشە ئاگاداری ئەوە بین کە ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بە ڕاستی دەزانین، لەوانەیە کەسانی دیکە هەبن بە گومڕایی دابنێن، لەوانەشە لە دواڕۆژدا ئێمەش دەستبەرداری ئەو ڕاستییانە بین، ئەگەر بۆمان دەربکەوێت کە ڕاستییەکی سەختن، لەبەر ئەوە نابێت زۆرەملێ لە هیچ کەس بکەین کە بێتە ژێر ڕکێفی بیروبۆچوونەکانمان، نابێت پێشێلی ئازادی هیچ مرۆڤێک بکەین، تا بیهێنینە سەر ئەو بۆچوونەی کە ئێمە پێمان ڕاستە، یان نابێت لە خەمی ئەوە دابین کە ئەو کەسە بە کۆمەڵێک کۆتوبەندەوە ڕەوانەی بەهەشتی بکەین، ژیان فێری کردووین کە شتێک هەرچەندە دوێنی بیدعەو لە ڕێ لادان بووبێت، ئەمڕۆکە دەبێتە سونەتێکی ژیان، هەر بەم جۆرە ژیان فێری کردووین کە شتێک دوێنێ هەرتەقە بووە، ئەمڕۆکە بوویتە ئایینێک، شتێک کە پێشتر بە کوفر دانراوە، ئەمڕۆکە بوویتە ئیمان و باوەڕ، چەندان جار کەفوکوڵێکی زۆرم بۆ بیر و بۆچوون و گوتە و هەڵوێستەکانم هەبووە، دواتر، لە وێستگەکانی دواتری ژیانم بۆم دەرکەوتووە کە هەڵە بوونە، هەڵوێستی ئەخلاقی لەسەرمان فەرز دەکات کە بەسەر بیر و بۆچوون و گوتەکان و هەڵوێستەکانی ڕابوردوومان دابچینەوە و بەبەردەوامی شەنوکەویان بکەین و لە بێژینگیان بدەین.

### تێبینی

دوکتۆر عەبدولجەبار ئەلڕفاعی نووسەر و هزرمەندێکی عەرەبی عێراقییە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندێکی نزیک شارۆچکەی ئەلڕفاعی سەر بە شاری زیقاری باشووری عێراق لە دایک بووە. چەندان بڕوانامەی زانستی بەدەست هێناوە کە ئەمانەن: دبلۆمی تەکنیکی کشتوکاڵ، بکالۆریۆس لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامی، ماستەر لە زانستی کەلام، دوکتۆرا لە فەلسەفەی ئیسلامی. لە ساڵی ١٩٩٧ گۆڤاری (قضايا إسلامية معاصرة)ی دەرکردووە و سەرۆکی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە بووە کە تا ئێستا (٦٢) ژمارەی لێ دەرچووە. سەرپەرشتی دەرکردنی چەندان زنجیرە کتێبی هزری کردووە، هەروەها سەرپەرشتیاری چەندان تێزی ماستەر و دوکتۆرای لە بواری فەلسەفە و زانستی کەلام و ئسوولی فیقهی و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی کردووە.

تا ئێستا (٤٧) کتێبی نووسیوە و چاپ کردووە، گرنگترین کتێبەکانی ئەمانەن: (حركة القومية العربية: دراسة نقدية في بواعثها الإيديولوجية- ١٩٨٥)، (مصادر الدراسة عن الدولة والسياسة في الإسلام- ١٩٨٦)، (موجز تاريخ الطباعة- ١٩٩٤)، (مقدمة في السؤال اللاهوتي الجديد-٢٠٠٥)، (التسامح ليس منة أو هبة -٢٠٠٦)، (إنقاذ النزعة الإنسانية في الدين- ٢٠١٢)، (موسوعة فلسفة الدين-أربعة مجلدات، ٢٠١٤ - ٢٠١٧)، و(الدين والظمأ الانطولوجي- ٢٠١٥)، (الدين والاغتراب الميتافيزيقي ٢٠١٨).

**پەراوێزەکان:**

**١- ئەنتۆلۆجیا، واتە زانستی بوون (علم الوجود). وەرگێڕی کوردی**

**٢- ئەم قسەیەی حەزرەتی مەسیح لە ئنجیل مەتی بەشی ١٦ ئایەتی ٢٦ و لە ئنجیلی مرقس بەشی ٨ ئایەتی ٣٦ و ئنجیلی لۆقا بەشی ٩ ئایەتی ٢٥ هاتووە.**

**٣- الشیرازی، صدر المتألهین، الأسفار الاربعة، بیروت: دار احیاء التراث العربي، ج ٣: ص ١١٧. ئەم قسەیە خراوەتە پاڵ**

شیرازی و کەسانی دیکەش.

٤- د. عبدالرحمن بدوي، شطحات الصوفية، الكويت، وكالة المطبوعات، ١٩٧٨، ص ٨٤-٨٥.

٥- السيوطي، جلال الدين، الحاوي للفتاوي (القول الاشبه في حديث من عرف نفسه فقد عرف ربه)، بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر، ٢٠٠٤، ص ٢٨.

٦- النفري، المواقف والمخاطبات، بيروت، دار الجمل، ص ٧٥.

٧- لە کاتی پرسیارکردنم لە (د.عبدالجبار الرفاعي) سەبارەت بە دەستەواژی زیادەی ناسنامە (فائض الهوية) بەڕێزیان ئەو ڕوونکردنەوەی بە زمانی عەرەبی بۆ ناردم (الفائض كل شيء يزيد عن حدوده فيفيض، كما يفيض الماء الزائد في النهر و يتحول إلى سيل جارف و هناك الفائض يكون ضارا لانه يهلك الحرث و النسل، فائض الهوية الانسانية للانسان بوصفه انسانا، مثل لالهوية الطائفية و العنصرية و غير ذلك، مما يشعر الانسان بتفوقه على غيره من الناس بهذا الفائض اللانساني)، واتە: زیادە ئەوەیە کە هەر شتێک لە سنووری خۆی تێبپەڕێنێ و هەڵبرژێ، هەروەک چۆن ئاوی زیاد لە ڕووباردا هەڵدەڕژێ و دەبێتە لافاو، لێرەدا زیادە زیانبەخشە و چاندن و کشتوکاڵ وێران دەکات، زیادەی ناسنامەش دەربڕینێکی خوازراوە، مەبەست لێی هەر زیادەیەکە کە لە ناسنامەی مرۆڤایەتیدایە بەو سیفەتەی مرۆڤ، وەک ناسنامەی تایفەگەری و ڕەگەزپەرستی کە وا لە مرۆڤ دەکات هەست بکات لە تایفە و ڕەگەزی دیکەی خەڵک باڵاترە بەهۆی ئەو زیادە نامرۆڤایەتییەوە. (وەرگێڕی کوردی).

٨- فوزية سعد ميخائيل، سورين كيركورد أبو الوجودية، تقديم أنور مغيث، القاهرة المجلس الاعلى للثقافة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩، ص ١٦.

٩- ابن عربي، تنزل الاملاك من عالم الارواح إلى عالم الافلاك، تحقيق طه عبدالباقي و زكي عطية، دار الفكر العربي، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٦١، ص ١١٦.

١٠- مەبەست لە دووانەیی ماویزم (ثنائيات ماوية) ئەو فەلسەفەیەی ماوتسی تۆنگ (١٨٩٣-١٩٧٦)ە کە لەسەر فەلسەفەی مارکسیزم بنیادنراوە سەبارەت بەوەی کە پەرەسەندنەکان بە هۆی ململانێی دژەکانەوە ڕوودەدەن، بەو پێیەی کە یاسای یەکێتیی دژەکان، یەکەمین یاسای دیالکتیکی مەتریالییە، هەروەک لە کتێبی (لەبارەی دژەکان) باسی لێوە دەکات. (وەرگێڕی کوردی).


سەرچاوە:

د.عبدالجبار الرفاعي، الدين والضمأ الأنطولوجي، مركز دراسات فلسفة الدين-بغداد، دار التنوير للطباعة و النشر - بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠١٦، ص ٥-٢٨، والطبعة الثانية ٢٠١٨، ص ١٧ - ٣٨.